## میکانیزمی بەڕێوەچوونی فۆکەس گروپ :

1. یەکترناسین و روونکردنەوەی ئامانجی دانیشتن و یاساکانی دانیشتنەکە !
2. لەبەشی یەکەم و دووەمی دانیشتن پرسیارەکان ئاراستەی ئامادەبووان دەکرێت ( پێشتر پرسیارەکان هاوبەشی کراوە ) بۆ هەر بەشداربوویێك ( ٣ بۆ ٤ خولەکە ) بۆ هەر پرسیارێك .
3. هەموو وەڵامەکان دیکۆمێنت دەکرێت و دوای ئەنەلاسیس کردن لە رۆد مپاکە بەشێوازی تایبەت جێگای دەکرێتەوە .
4. رێکخەری دانیشتنەکە تەنیا پرسیار دەکات و کۆمێنیتی لەسەر وەڵامەکان نابێت .
5. هەموو بەشداربووان ئازادن لە وەڵامدانەوە یاخود وەڵام نەدانەوەی هەر پرسیارێك.
6. کۆتا بابەتی دانیشتن بۆ بەشداربووانە بۆ هەر بابەتێك بەباشی بزانن بۆ نەخشەڕێگاکە.
7. دانیشت ( ٤ بۆ ٥ کاتژمێر دەخایەنێت)

### یاساکانی خوێندنی باڵا

**ئایا هەموارکردنەوە یان دارشتنەوەی یاسایێکی نوێ بۆ خوێندنی باڵاچارەسەری دۆخی خوێندنی باڵا دەکات و لەرووی جێبەجێکردنی یاساکان و بەرزکردنەوەی ئاستی کواڵیتی لەناو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ؟**

- یاساکانی ژمارەی ( ١٠) ساڵی ٢٠٠٨ و هەمواری یاساکە ( ژمارەی ٩ی ساڵی ٢٠١٤ ) یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵای هەریمی کوردستان.
- یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٣ یاسای زانکۆ تایبەتەکان لەهەرێمی کوردستان.

**تاوەکو چەند لەگەڵ ئەم راسپاردانە هاوڕایت ؟ لەگەڵ کام خاڵی ناکۆکی روونی بکەوە بۆچی ؟**

- جێبەجێکردنی دیموکراسیی لۆکاڵی لەناو ناوەندەکانی خوێندنی باڵا و سەربەخۆکردنی زانکۆکان (هەڵبژاردنی خاوەن پۆستە کارگێڕییەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە لەگەڵ هەبوونی مەرجە یاساییەکان بۆ هەر پۆستێك، پرۆسەی چاودێری و هەڵسەنگاندنی بەردەوام لە خوارەوە بۆ سەرەوە) لەگەڵ هەبوونی چاودێری و هەڵسەنگاندنی خودی وەزارەت لەسەر گشت زانکۆکان. **( و اتا هەڵبژاردنی سەرۆکی بەش لەلایەن ئەنجوومەنی بەشەکەی خۆی ، راگری کۆلێژلەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژو ........ )**
- دووبارە پێناسەکردنەوەی بەرپرسیاریەتییەکان و دانانی مەرجی نوێ و ماوەی بەرپرسیارییەتی و ئەرک و مافەکان.
- هەڵبژاردنی کەسانی تەکنۆکرات و خاوەن شارەزایی بۆ پۆستە کارگێڕییەکان و جێبەجێکردنی پلەبەندی لە وەرگرتنی پۆستەکان واتە (کەسێک نەبێت بە ڕاگر ئەگەر پێشتر سەرۆک بەش نەبووبێ, یاخود سەرۆکی زانکۆ ئەگەر پێشتر ڕاگر نەبووبێ و ...هتد).
- هاوسەنگی و دادپەروەری لە ئیمتیازاتی خاوەن پۆستەکان باڵاکان و خاوەن پۆستەکانی تر, واتا پێویست ناکا سەرۆکی زانکۆ و ڕاگرەکان پلەی تایبەتیان پێ بدرێ، بەڵکوو پۆستەکان تەکلیفی بن و بۆ ماوەی چوار ساڵ و دواتر خاوەن پۆستەکە بگەڕێتەوە سەر کار و پیشەی جارانی.

**ئایا گرینگە پایەی زانستی لەپێدانی پۆستە کارگێریەکان لەبەرچاو بگیرێت وەك مەرج بمێنێتەوە بۆ پۆستەهەڵگرە کارگێریەکان ؟**

- لەیاسای ژمارە (١٠) ساڵی (٢٠٠٨ ) کەمترین مەرجی پێدانی پۆست پۆست دەبێت پۆست هەڵگرەکە پایەی زانستی لە ( پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر نەبێت .

**بۆ هەموو پۆستاکان لەسەرئاستی سەرۆکی باش تاوەکو سەرۆکی زانکۆ دەستەلاتی ئاوێتەیان هەیە و اتا لەیەك کات دەستەلاتەکانیان دابەش دەبێت بۆ راپەراندنی ئەرکی زانستی و کارگێری و دارایی ! چۆن دەکرێت مەرجی پایەی زانستی رەچاو نەکرێت ؟ چارەسەربۆ راپەراندی کاروبارە زانستیەکان چییە ئەگەررەچاوی ئەم مەرجە نەکرێت.**

- بەروونی لەیاسایی ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٠٨ باسی دەستەلاتەکان کراوە وەك لەماددەکانی (١٠)، (١٣)، (١٥)، (١٧)، (١٨) برگەی یەکەم وسێیەم .

**چۆن دەکرێت رێگری لەهەبوونی پۆستی بەوەکالەت بکرێت بەتایبەت ئەوپۆستانەی بۆ ماوەی زیاتر لە ٦ مانگ بەردەوام دەبن ؟**

- لەیاساکان باس نەکراوە !

## رۆڵی وەزارەت :

### پێتان وایە دەبێت ئامانج و ئەرکەکانی وەزارەت گۆنکاری بەسەردا بکرێت ؟ چۆن و بۆچی ؟

- یاسای ژمارە (١٠) بەشی دووەم /ماددەکانی دووەم و سێیەم .

### پێتان وایە دەبێت پێکهاتە و دەستەڵاتەکانی وەزارەت گۆنکاری بەسەردا بکرێت ؟ روونی بکەوە چۆن؟

- یاسای ژمارە (١٠) بەشی سێیەم/ماددەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم ؟

### مەرجەکانی وەزیری خوێندنی باڵا ! کە لەیاسای ژمارە (١٠) باس لەمەرجەکانی نەکراوە و چونکە بەرکەوتەی سیاسیە ؟

یاسای ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٠٨ ماددەی چوارەم برگەی یەکەم ؛

**لەگەڵ کام لەم خاڵانە هاوڕیات ؟ بۆچی ؟ یان پێشناری تۆ چیە لەسەرئەم بابەتە ؟**

- قوناغی یەکەم وەزیر تەکنکۆرات بێت ئەزموونی زانکۆیی و پایەی زانستی و بڕوانامە مەرج بێت بۆ دانانی بۆ ماوەێک لە ( ١٠ )ساڵ کەمتر نەبیت و لەگۆرانکاریەکان نەگۆرێت
- وەزیر بەرێکەوتن و بەرکەوتەی سیاسی دابنریت بەلام مەرجەکانی وەك ( ئەزموونی زانکۆیی و پایەی زانستی و بڕوانامەکەی راچاو بکرێت ) .

Kurdistan-Erbil 40Meter Street, Harwn Building
Chawyzanko@gmail.com

## کردنەوەی زانکۆکان:

**ئایا کردنەوەی زانکۆکان ( حکومی و ئەهلی بەپێی بازاری کاروگونجاوی و پێویستی بووە ؟ ) ئایا وەزارەت راوێژی کردووە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان وکارو باری کۆمەلایەتی بۆ کردنەوەی زانکۆی نویَ ؟**

- زانکۆ حکومیەکان : ماددەی سێیەم برگەی ٥ و ٦ م . یاسای ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٠٨ ی یاسای وەزارەت
- زانکۆ ئەهلیەکان : ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٣ یاسای زانکۆ تایبەتەکان
- یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٨ بەشی هەشتەم مادەکانی ٤٠ بۆ ٤٣ .

**ئایا کردنەوەی زانکۆی نویَ پێویستە چۆن بێت ؟ چۆن بریار لە کردنەوەی زانکۆکان بدرێت بەپێی پێویستی بازاری کارو ناوچەی جیوگرافی و پێویستی و تایبەتمەندی شوێن وەك ناوچە گەشتیاری و پیشەسازی و کوشتوکالی و گومرگ و سنورەکان !**

**ئایا بەپێ چ پێوەرێك دەتوانین بەش یان کۆلێژ نویَ بکرێنەوە لەناو زانکۆکاندا؟**

**لەیاسای ژمارە (١٠) سالی ٢٠٠٨ باسی کردنەوەی کۆلێژنەکراوە چۆن چۆنیە !**

**کردنەوەی بەش یان لقی زانستی !**

- یاسای ژمارە(١٠) ساڵی ٢٠٠٨ یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی / ماددەی هەژدەهەم / برگەی دووەم /لاپەرە ١٥
- یاسای ژمارە(٢) ساڵی ٢٠١٣ یاسای زانکۆ تایبەتەکان / ماددەی پێنجەم / برگەی شەشەم .و ماددەی چواردەم/ خاڵی دەیەم و ماددەی نۆزدەهەم برگەی دووەم.

........

**ئایا دەکرێت سوود لە برگەی یەکەم- ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە(٩) ساڵی ٢٠١٤ هەماواری یاسای ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٠٨ وەربگێریت بۆ پێدانی تایبەتمەندی و سەربەخۆکردنی زانکۆ حکومیەکانیتر وەك زانکۆی کوردستان و زانکۆی ئەمریکی لەکوردستان/ دهۆك.**

**ماددەی یەکەم : برگەی دووەم دەڵێت:**

ئەنجوومەنی وەزیران بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەپێی پێوەر و پلەبەندیی زانستی دەسەڵاتی پێدانی تایبەتمەندیی هەیە بۆ زانکۆکان لە چوارچێوەی رێنمایی تایبەت.

پرسیار بۆ وەزارەت : رێنمایە تایبەتەکانی ئەم برگەیە کامانەن کە زانکۆی کوردستان و زانکۆی ئەمریکی لە کوردستان / دهۆک کە تایبەتمەندیان پێدراوە و جیاواز لە زانکۆ حکومیەکانیتر مامەڵە دەکەن!؟ ئایا دەکریت سوود لەم ماددە وەربگیریت بۆ زانکۆکانیتری حکومی ئەگەر داوای تایبەتمەندی بکەن؟

پرسیار بۆ سەرۆکی زانکۆکان و پسۆرانی خوێندنی باڵا: پیتان وایە ئەم برگەیە سوودی دەبیت بۆ سەربەخۆکردنی زانکۆکان لەرووی کارگێری و داراییەوە و ئاستی کوالێتی بەرزدەکاتەوە ! دەستەلاتی زیاتر بۆ خودی زانکۆکان دەگوازریتەوە ؟ هەر بەپێی ئەم برگەیە دەکرێت بۆ زانکۆ حکومیەکانیتر بۆردی ئەمینداران دروست بکرێت !

**Kurdistan-Erbil 40Meter Street, Harwn Building**
Chawyzanko@gmail.com

## چۆنیەتی کەمکردنەوەی جیاوازی لەنێوان زانکۆ تایبەتەکان و زانکۆ حکومیەکان

بوون بەئەندام لەئەنجوومەنی وەزارەت ! ئایا پێتان باشە زانکۆ تایبەتەکان ببن بەئەندام لە ئەنجوومەنی وەزارەت ؟ چۆن بەچ میکانیزمێك

- پیشنیار ( زانکۆ تایبەتەکان لەسەر ئاستی پارێزگا یەك ئەندامیان هەبێت لەئەنجوومەنی وەزارەت واتا لەسەر ئاستی پاریزگایی هەولێر یان دهۆک یان سلێمانی بۆ هەر پارێزگایێك بەشێوازی دەوەری یەك زانکۆ نوێنەرایەتی زانکۆ تایبەتەکان پارێزگاکەی بکات )

زیادکردنی سەرچاوەکانی داهات و کەم کردنەوەی رێژەی قازانج لە زانکۆ تایبەتەکان و میکانیزمی وەرگرتینی قوتابی بەشێوازیکی دادپەروەرانە بۆ زانکۆ حکومی و تایبەتەکان

## تمویل کردنی زانکۆکان :

پێتان باشە ( پلەبەندی رێزبەندنی نیشتیمانی زانکۆکان ) رۆڵی هەبێت لەپێدانی و هاوسەنگی لەتمویلی کردنی زانکۆ حکومیەکان ؟ چۆن دەکرێت بە فشار و کێبڕکێ بودجە بۆ زانکۆکان تەرخان بکرێت نەك تمویلی مسۆگەر! .

- ماددەی ٦ لە یاسای ژمارە( ١٠) باسی سەرچاوەکانیتری بەدەست هینانی داهات دەکات بۆ وەزارەت و زانکۆکان

## بەشداری خویندکاران :

**یاساکانی خوێندنی باڵا بەهیچ جۆریك باس لەبابەتی بەشداری خوێندکاران ناکەن ! تەنیا لە دوو خاڵ نابێت کە دەڵێت نوینەری قوتابیان لە ئەنجوومەنی کۆلێژ و ئەنجوومەنی زانکۆ بەشداری کۆبوونەوە دەکات لەوکاروبارانەی پەیوەندی بەخوێندکاران هەیە!**

- **لەسیستەمی نوێی خوێندنی وەك بۆلۆنیا پرۆسێس خوێندکارسەنتەرو رۆڵی زۆریان هەیە ، بەهەمان شیوە لەرێزبەندنی نیشتیمانی زانکۆکان چالاکی خوێندکاران نمرەی لەسەرە ! بەڵام لە یاساکانن کەمترین شوێنیان هەیە !**
- ڕێکخراوی چاوی زانکۆ پێشیازە یاسایێکی کردووە بۆ بەهێزکردنی رۆل و بەشداری خوێندکاران وەک چارەسەر! پێتان وایە ئەم پێشنیارە کە باس لە مۆدیلی نوێی رێکخستنی دۆخی ژینگەی خوێندکاران دەکات لەناو ناوەندەکانی خوێندن چارەسەری گونجاوە ؟

لینکی ڤیدیۆی مۆدێلی نوێی پێشنیارکراو. https://fb.watch/hkqgQmK64X/

**سیستەم :**

**لەبابەتی تسدیق کردن( پشت راستکردنەوەی برونامەکان ) لە پەیوەندیەکانی دەرەوە و وەزارەتی دەرەوە پالپشت بە یاسا مامەڵە لەگەڵ سیستەمی کۆن و نمرە دەکات ! بەلام لە بۆلۆنیا پرۆسیس شێوەزی برو انامە جیاوازە ! پێویست بەدەرکردنی یاسا هەیە لە پەرلەمان ! ئەگەریاساکە هەموار نەکردیتەوە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت**

Kurdistan-Erbil 40Meter Street, Harwn Building
Chawyzanko@gmail.com

**تەوەرەی کراوە:**

**هەربابەتێك ئێوە بەباشی دەزانن لە نەخشە ڕێگاکە ئاماژەی پێبکرێت !**